www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

د. عەلی شەریعەتی



قسەیەک دەربارەی

کتێب

وەرگێرانی: دانا عبدالله (نەوبیر)

منتدى إقرأ الثقافي

قسەیەک دربارەی

کتێب

نوسینی: د. عەلی شەریعەتی

وەرگێڕانی: دانا عبدالله (نەوبیر)

چاپی یەکەم سلێمانی

٢٠١٠

له بلاّوکراوه‌کانی پرۆژه‌ی نه‌وبیر (٣)

ناسنامه‌ی کتێب:

ناوی کتێب: قسه‌یه‌ك درباره‌ی کتێب

بابەت: ناسینی مرۆڤ له دیدی فه‌لسه‌فه‌وه

نوسیلی: د. عه‌لی شه‌ریعه‌تی

وەرگێڕانی: دانا عبدالله (نه‌وبیر)

تایپ: سه‌رکه‌وت سالار

هه‌ڵه‌چن: وه‌رگێڕ

دیزاین: جوتیار محمد

شوێنی چاپ: چاپه‌مه‌نی سایه ٢٠١٠

چاپی یه‌که‌م: ٢٠١٠ سلێمانی

تیراژ: ١٠٠٠

له به‌رێوبه‌رایه‌تی گشتی کتێبخانه گشتیه‌کان ژماره‌ی سپاردنی (١٤٩٦)
ی سالی (٢٠١٠) ی پێدراوه.

قسەکردن لەبارەی کتێبەوە وەک بەڵگە هێنانەوەیە بۆ خۆر، بەتایبەت لە وەها کۆڕ و تۆژێکدا کە کۆڕی کتێبە، وا دەزانم قسەیەکی زیادەبێت، کۆمەڵێک کە بنەمای کاریان لەسەر کتێبە و کۆمەڵێک کە پابەند و ئاوقەی شارستانیەتێکی کتێبەو، کۆمەڵێک کە نوێنەری میژوویەکە کە دووشارستانیەتی جیهانی گەورەیان هەبووە: شارستانیەتی ئیسلام و شارستانیەتی ئێرانی دێرینە و دەزانین کە شارستانیەت و فەرهەنگ(کلتور) لەسەر بنەمای کتێبە. وە هەروەها کۆمەڵگەیەکە پابەند بە ئاینێکەوە کەوا موعجیزەکەی (کتێب)ە و ناوی کتێبەکەشی (خوێندراوەیی--قرءآن)ە و یەکەمین پەیامی (بخوێنە--اقرأ)ە و پاشان گەورەترین ستایش و ئافەرینی خوداکەی پیاهەڵدان و وەسفی کەسێک کەوا (بەقەڵەم خەڵکی فێردەکات)، و چ گونجاوی و پێکەوتنێکی جوان و خۆشە کە بەرلە ووتار سوورەتی (اقرأ) خوێندرایەوە و بە دوو بۆنەوە:

یەکیان ئەوەیە کە سوورەی (اقرأ) یەکەمین پەیامێکە کە پێغەمبەری ئیسلام وەریگرتووە و بۆی هاتووە و یەکەمین ئایەتی کتێبەکەیەتی و دەسپێکی ئایینەکەی ئەوە. بەم پێیە لەگەڵ دەسپێکی کاری (ئەنجومەنی کتێب_کۆڕی کتێب) دا گونجاوە و، گونجاویی دووەم کە جوانترە ئەوەسە کە ئەم پەیامە ئەگەرچی لە کۆمەڵگەیەکی سەرەتابیدا و لەسەرەتادا (مخاطب) ودوێنراوی ئەم پەیامە خەڵکانێك بوون کە جگە لە شمشێر و حوشتر شتێکیان نەدەناسی، یەکەمین ووشەی (بخوێنە) بەو پاشانیش یەکەمین ستایشێك کەلە خودای ئەم ئایینە دەکرێت ((ربُّك الأكرم – پەروەردگارت خاوەنرێزترە)) یە. بۆچی بەڕێزترە؟ چونکە ((الذی علم بالقلم))، لەبەر ئەوەی پەروەردگارت زانێکە بەهۆی قەڵەمەوە فێردەکات، چ شتێك فێردەکات؟ ئەوشتەی کە مرۆڤ نایزانێت، بەم پێیە دەستپێکردنوسەرەتا بە (خوێندن)ەوپیرۆزبوون(تقدس)بەقەڵەمە و هەروەها گەورەترین سیفەتی خودای ئەو ئایینە فێرکردنە لەلایەن ئەوەوە بەهۆی قەڵەمەوە و چەندە پێکەوتەیەکی جوانە لە تەك ئەم ئەنجومەن و کۆڕەدا...

بۆیە وانازانم پێویستبکات لەبارەی سوودەکانی کتێب و پۆڵیو بەهایەوە قسەبکرێت. چونکە ئەگەر پێویستی بکردایە بە دەربڕینێکی زۆر جوانتر لەوەی کە من بمتوانیایە، خۆشەویستێك نوسیبووی کە خوێندرایەوە و لە پاستیدا پاستی گوت((کتێب لەم چوار دیوارییە زۆر

تۆکمە و ڕەش و کارتێنەکراوانەی کە ئێمە گیرۆدە و نووشی هاتوین، کلاو ڕۆژنەیەکە بەڕووی دەشت و دەردا. ((لەوێشدا کە دیوارنیە ڕەنگە زیاتر لەو نەتەوانەی کەلە ڕووی شارستانیەتەوە لە زۆر نەتەوەی تر لە پێشترەوەن پێویستمان بە کتێب هەبێت. ئەگەر بەلای ئەوانەوە کتێب بریتیبێت لە هۆکاری گەیاندن و گواستنەوەی بۆماوە فەرهەنگییەکانی ڕابردوو بۆ داهاتوو یان پەروەردەی زەین و هزر یا پەرەپێدانی زانست لە ئاستی گشتی کۆمەڵگەدا، ئەوا بەلای ئێمەوە کتێب زیاتر لەمە پەیامی هەیەو بریتیە لە تاکە هۆکارێك کە ئەمڕۆکە لە بەردەستماندایە بۆ (بوون) و بوونانديکی دیکەی خود و پەروەردەبوون و بۆ (هەناسەی ئازاد، ئەندێشە).

بەلای ئێمەوە، کتێب بۆ ئێمە پەروەردەکارێکی گەورە و ڕەنگە تاکە پەروەردەکاری ئێمەیە. بەتایبەت بۆئەوە کە لە قۆناغی وەرگێڕاندا بەسەردەبەین. بەڵام ئەوەی کە بیرملێکردەوە لەم دانیشتنەدا بە خزمەتی ئێوەی بگەیەنم بابەتێکە کە بەردەوام لە هەمەموو بوارێکدا و لە هەموو هەلێکدا بێت دووبارەی دەکەمەوە، وێڕای خواستی پێکەوەبەستنەوەم، من لە دووبارەکردنەوە بێزارم و تەنانەت لە هەل و مەرجە پێویستەکاندا نەمویستووە بابەتێك کە جارێك خراوەتە ڕوو دووبارە بیخەمەوە ڕوو، گواستنەوە(نقل) و دووبارەکردنەوەم پێخۆش نییە. بەڵام ئەم باسە هەمیشە و لە هەموو جێگەیەك دووبارەدەکەمەوە

لەبەرئەوەی کەلەو باوەڕەدام هەرجۆرە دەربڕین و ڕاڤە و هەرجۆرە تێگبیر و ڕێنوێنییەکمان هەبێت و یاهەر تێڕوانین و هەڵێنجانێك کە دەربارەی مرۆڤ، بەرامبەر بە کۆمەڵگە، بەرامبەر بەداهاتوو، سەبارەت بە مرۆڤایەتی، بە فەرهەنگ و سیاسەت و شتانی دی، هەمانە. هەموو ئەم ڕووگەلە جۆراو جۆرانە و ئەم باوەڕگەلە جۆراو جۆر و هەموو قوتابخانە جیاوازەکان، تەنانەت دژیەکەکان، کە تۆکمەترە بۆ تاکەکانمان بۆ کۆمەڵگەو بۆژیانمان هەمانبێت ئەوا هەمووی بەندە بەوەی کە ئەوشتەی ئەمشەو وەبیرتانی دێنمەوە ببێتە بناغەی بیر و ئەندێشەی گشتی هەموو ڕۆشنبیرانی ئەم وڵاتە و باوەڕم وایە کە بەبێ ئەوە هەموو جۆرەکۆششێك هەوڵێکی نەزۆکە و بەبێ ئەم کارە گشت جۆرە قوتابخانە وئاین و ئایدۆلۆجی و تەگبیر و ڕێنیشاندانێکی فیکری و کۆمەڵایەتیەك بێ هودەیە. ئەو شتەی کە وەك زەمینەی باسەکەم لەسەرەتادا دەیڵێم و پێویستە بیخەمەڕوو ئەوەیە کە (ئێرە) نەك وەك کۆڕێکی وتاربێژیی(خطابة)، بەڵکو وەك خول و پۆلێکی وانەی گەورەتر لێی دەڕوانم، نەك لەو ڕووەوە کەمن مامۆستابم بەڵکو بەومەبەستەوە دەیڵێم کە چاوەڕوانیی وتاربێژییتان لێم نەبێت. لەو ڕووەوە کە قسەکانم فێرکاری و فێربوونێتیە، داوای لێبوردن دەکەم و پێموایە کە ئێمە لە هەل و مەرجی زانستی و فیکریی هەنووکەییدا زیاد لە وتاربێژیی پێویستمان بە فێرکردن و شیکردنەوەیە.

بنەمایەکی گەورەی کۆمەڵایەتی هەیە کە هەم لە کۆمەڵگەی ئێمە و هەم لە کۆمەڵگە ئاسیایی و ئەفریقیی و ئەوروپیەکانیشدا ڕاستەوانەیە و سنوردار و تایبەتنین بە کۆمەڵگەیەکی تایبەتەوە، من لەو باوەڕەدام کە هۆکاری بنەڕەتیی کەم و کوڕیی و پەڵ و پۆکوڵی و بێکەڵکی و ناڕوونی بە ئاکام نەگەیشتنی هەموو قوتابخانە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و هەموو قوتابخانە فەلسەفییەکان و شێوازە جۆر بەجۆرە کۆمەڵایەتی، سیاسی، پەروەردەییەکان و گشت شێوازە دارشتنە جیاوازەکان کە بۆ مرۆڤ دەخرێنە بەردەست هەرلێردەدایە سەرەتا دەبێت وەبیری بهێنینەوە کە ئەمڕۆ ڕۆشنبیرانی ئێمە، بە تایبەت لەسەدەی بیستەمدا، کەم و کوڕتی هەموو ئەم قوتابخانەگەلە هەستپێدەکەن.

وە بە بڕوای من یەکێک لە تایبەتمەندییەکان لەبەراوردی نێوان سەدەی بیستەم و سەدەی نۆزدەیەمدا ئەوەیە کە لەسەدەی نۆزدەمدا قوتابخانە کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەکان بۆ ڕۆشنبیرەکان ڕاگیرکەرو خۆشخرۆشێنەربوو و ئامانج و ئاوانەکانی ئەو کەسانەی کە بۆ باشتربوونی مرۆڤ و کۆمەڵگەو ڕەگەزی مرۆڤایەتی بیرماندەکردەوە لە خۆیدەگرت و وەڵامی دەدانەوە، هەر تۆیژ و گروپێک سەدان هیوای بەیەکێک لەو قوتابخانەگەلەوە بە ستبوو، بەڵام هەروا کەیەکێک لە تایبەتمەندیەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە سست بوون و داهەڕاڵی بونیادە ئایینی و ئەخلاقیە میتافیزیکیەکان بوو، تایبەتمەندیەکانی سەدەی بیستەمیش

سست بوونی باوەڕی ڕۆشنبیرانە بەرامبەر بە ئەم قوتابخانە گەورانە. هەڵبەت ئەم سستبوونە ریژەییەو بەندەبە پێگە کۆمەڵایەتیەکانی تۆبژ و گروپەکان هەروەها هەل و مەرجە مێژوویی و سیاسەکانی نەتەوە جۆربەجۆرەکانەوە، هەندێك لە قوتابخانەکان بەگشتی ناڕوون و وەلانراون و هەندێکی تریشیان کە هێشتا دریژە بە ژیانیاندەدەن و ماون، هیچ ڕۆشنبیرێك بەبێ پێداچونەوەی تێڕوانینەکان و (زەرورەتی واقیع) ناتوانێت ئەوەقبوڵبکات—وەربیگرێت.[1].

---

[1]. .کاستژ لەگەڵ ئەوەی کە مارکسیزمی وەك بنەمای شۆرشەکەی خۆی ڕاگەیاند . بەڕەسمی ووتی من ناتوانم بەمێ بێداچوونەوە (تجدید النضر – Rivision) مارکسیزم تێبیگەم‌وقبولیبکەم. ڕیڤیزیۆنیزم هەر بەوئەندازەی کەلە مەبەست وڕەوتی دەوڵەتە سۆسیالیستەکاندا جێنیۆێکی ڕەسمیە ، لە دیدی ڕۆشنبیرانی سۆسیالیسمەوە زەرورەتێکی واقیعیە.

بچرانی پەیوەستەکان (پێکهێنەکان)

بەم پێیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەدەی ئێمە کە تێیداین ئەوەیە کە پەیوەستی و پێوەبەندیی خۆی لەگەڵ ئایینداً بڕیوە لەبەر خاتری زانست و ئەم پەیوەندیە دێرینەی کەلە ئایینی دابڕیبوو وەستی کردەوە بە زانستەوە. بەڵام ئەم پەیوەستبوونانەش لەسەدەی بیستەمدا، بە ووتەی (بیریشت) لە پاش سەرهەڵدانی فاشیزم بەتایبەت، بچڕا یا بچڕێنرا و ڕەنگە ئەو قەیران و پەشێوییانەی کە لە ڕوخساری گەنج و ڕۆشنبیرانی هەموو جیهان و بەتایبەت جیهانی پێشکەوتوو خاوەن شارستانیەتی ئەمڕۆدا هەستی پێدەکرێت، لە ئەنجامی ئەم هۆکارە و بەرهەمی جەنگی زەبری ئەم حاڵەتە بێت کە ئێدی ئومێدێکی وەهای نیە کەلەسەدەی نۆزدەدا هەبوو بە قوتابخانە فەلسەفیەکان و، نەک تەنها فەلسەفە، بەڵکو زانستیش کوژاوەتەوە. نە ئومێدێکی لەو جۆرەی هەیە بە ئایینەکەی کەلە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو نە ئارەزوویەکی هەیە لەسەدە نوێیەکاندا بە قوتابخانەکەی.

ڕۆحانییەکانی دوێنێ هاوپەیوەندەکانی فیودالیزم و زۆرە ملێ(ملهوڕی)بوون و زاناکانی ئەمڕۆ پەیوەندیدارانی کاپیتالیزم و

استعمار(بـه مانـا رِۆژئاوايـيەكـە)ن، كلێسا كۆشكى نـاوەوە و دەرەوەى چـيـنى فـەرمانرەوا بـوو و ئەمرِۆكـە زانكـۆ و كارگـەكان بـەو جۆرەن.رِۆحانييـەت، (پـاپ)يزمـى) دروستكرد و، زانست فاشيزم. ئـەو گوناە و تاوانى دەكرِێ و بەھەشتى دەفرۆشت و، ئەم تاوان دەفرۆشێت و بەھەشـت دەكرِێـت. ئـەو قـايش و زرێيـەكى خاچـى دەبەسـتە ملـى ئەفريقيـەوە و ئـەم زنجـير... ئـەم كارەسـاتگەلە زانـستيە، زۆرێـك لـە رِۆشـنبيرانى دوودلّكـردووە كـە لـەم دووانـە كاميـان خراپـە؟ لـە ئـايين، تاسـاوى و دەمكـوتكردن و ئـازارى پـشكنينى بـاوەرِ(انكيزسـيون) ى بينيوە، پەنـاى بۆ ئازادى بردووەو، لە ديموكراسى و ليبراليزم كارەسـاتى كاپيتـاليزم و ماشـينيزمى بينيـوە و، لـە ناسـيۆنالـيزم زيـان و زۆرداريـى بينيـوە و لـە سۆسـياليزم و لـە جيـاتى رِۆێمـى ديموكراسـى راسـتەقينە، ديكتـاتۆريى تەكنۆكراتـەكانى بينيـوە كـەوا لەگـەلّ ئەوانـەى كـە لەگـەلّ خۆياندايە (لەخۆيانە) (قەيسەر)ەو لەگەلّ دووژمنيشدا(مەسيحە) (لەگـەلّ خۆييەكاندا دوژمنە و لەگەلّ دوژمنەكاندا دۆستە) ((رحماءٌ على الكفّار اشداءٌ بينهم)). { بە پێچەوانەى ئايەتى ئاشنا: اشداءٌ على الكفّار رحماءٌ بينهم*واتە"لەبەرامبەر بێباوەڕياندا تۆكمەوتوند بوون و لەنێوان خۆشياندا نەرمووبەبەزەيى. وەرگێر }

ئەمەيـە بـێ ئومێـدى و داهێزرانـى بونيـاد و پێكهاتـەى هـەرجۆرە باوەرِێك، چ ئاينى و چ زانستى، وئەمەيە ئەو شتەى ئاراستەو پاساوى

پەشێویی و شڵەژانی مرۆڤ دەکات. (ڕوو لە کوێ بکات؟ بەرەو چ لایەک بڕوات؟ بە کوێ بگات ؟ هۆکارگەلێکی جۆراو جۆر بوونەتە هۆی ئەوەکە ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆی جیهان هەم بەرامبەر بە هەموو ئەو قوتابخانانەی کە بە ناوی ڕێگاچارەی کێشەکان و دەرمانی دەردەکانی مرۆڤەوە خراوەتە بەردەست و ڕوو و بەرامبەر ڕەگەزی مرۆڤی ئەمڕۆ، ناڕەزایی و ڕەخنەی هەبێت و هەم بەرامبەر بە هەموو ئەو بنەما باوڕپیانەی کە ڕاڤەی جیهان و ژیان و مانای مرۆڤ دەکەن. من لەو باوەڕەدام کە شکستهێنانی ئەم قوتابخانانە بەرهەمی هۆکارگەلی جۆراو جۆر و هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جۆراوجۆرە. هەموو ئەوانە کاریگەرییان لەسەرنەکەوتنی ئەم قوتابخانانەدا هەبووە و هەیە، لەلایەکی دیکەوە باوەڕنەبوون و ناڕەزای چینی ڕۆشنبیرانی جیهانی پێشکەوتوو هەم بەرامبەر بە شێوازی ژیانی هەنووکەیی و ئەو ڕەوتە مێژووییەی کە ئەمڕۆکە کۆمەڵگە و شارستانیەت و فەرهەنگ لەو ڕێ و ڕەوتەدا دەجوڵێت. بەرامبەر بەهەموو ئەم شێوازانە ناڕازییە، لە بەرامبەری ئەو شتەی کە خۆی بنیاتی ناوەودروستیکردووە یاخی دەبێت.

ئەمڕۆ ئەگەر قوتابخانەیەک یا ئایدیۆلۆگی هاوبەش بۆ ڕۆشنبیران و تۆیژی گەنج ی خاوەن بیر لە شارستانیەتی نوێدا لەبەرچاوبگرین کە ڕۆح و حەزی گشتی ڕووی لێدەنێت، جۆرێک پرۆتیستانتیسمە. پرۆتیستانتیسمی ڕەها(مطلق). مرۆڤێکی ناڕارام و یاخیی کە نیشانەو

دیاردەی ڕۆحی ئەمڕۆینەی مرۆڤی نوێیە سەرەڕۆیی و شوێنکەوتەی وێست و ڕای خودیش بەمجۆرەیە. بوونی خودا لە گەردووندا ڕەتدەکاتەوە، باوەڕی بەوێنیە بەڵام لە دڵی ڕادەپەڕێت و ڕەخنەی لێدەگرێت و بانگهێشتی مرۆڤ دەکات تالە بەرامبەر ئەودا هاواری ناڕەزایی بەرزکاتەوە. کاتێ دەڵێن خودایەک کە بوونی نیە چۆن دەتوانێت بەرپرسبێت لە تاعوونی گشتی مرۆڤایەتی و بەسەر کەسێکدا کە نییە چۆن دەتوانرێت ناڕەزایی دەربڕدرێت؟

وەڵام دەداتەوە کە خودی ئەم ناڕەزاییە ڕەسەنە. بەیامی منە، پەیامی مرۆڤی هۆشیارە. بۆیە ناتوانم ناڕەزایی دەرنەبڕم، چونکە ((من ڕەخنە دەگرم، کەواتە من هەم)). دەمەوێ بڵێم کە ئەمڕۆ هێزی ڕەخنە و ناڕەزایی گەشتۆتە ئەو ئاستەی کە ڕەسەنایەتیی وەرگرتووە، بووتە موتڵەق تا ئەو ڕادەی تەنانەت کۆتایی پێهێنەری نیە. ناڕەزایی نۆ ناڕەزایی. ڕەنگە کەمتر ڕۆشنبیری سادە و ئاشنا بە شارستانیی نوێ بەو شێوازەی کەلە ڕۆژئاوا هەیە، ببینیت کە ئەم شارستانیەتە قبوڵکات و لە بەرامبەریدا ناڕازیی نە بێت چ بگات بە نەو ڕۆشنبیر و بیریارە گەورەیانەی کە نەک تەنها ناڕەزاییان هەیە بەڵکو بەکارەساتێکی گەورەی دەزانن.

شاندێڵ شارستانیەتی نوێ کە ((وردی، کار، پێشکەوتن و سەرگەردانی، چوار لایەن و ڕووی سەرەکیی ئەون)) ناودەبات بە کڵاوەو

ئاوریشم هەرچەندێك مرۆڤ بە ئاڵۆزتر و جوانی و ووردەکاریتر و زیاتر بیچنێت، زیاتر تێیدا زیندانی دەبێت و لەناو ئەو کلاّفە جوان و وورد و هۆشیارانەدا کە کارو بلیمەتیی تانوپۆپەتی هەناسەی تەنگ دەبێت و مرۆڤ لە چنینی ئەم کلاّفە شارستانەیتەی ئێستادا کەلەسەر بنەمای بەرهەم و بەکاربردنی ستوونی (هەڵچوون) و فرە جۆر وەستاوە، هەرچەندێك هۆشیارتر دەبێت، لە خۆی بێگانە تر دەبێت و، بەهۆی ئەو مولکدارێتی و سەرمایەدارییەی کە فەرمانڕەوایە بەسەر مرۆڤ و بەسەر زانست و هەست و چارەنووسی مرۆڤ و تەنانەت بەسەر پەروەردە و فێرکردن و کەلتور و هونەری مرۆڤی ئەمڕۆوە و ئەو ڕێبازی بەکاربردن پەرستیەی کە زاڵە بەسەر فەلسەفەی ژیان و ئەندێشە و هەستیدا و ژیانی کردووەتە قوربانیی شمەك و هۆکارەکانی ژیان و مرۆڤایەتیی کردووەتە فیدای ئاساییش. بەڕادەیەك کە مرۆڤ هەرچی سەرکەوتنی زیاتر بەدەستبێنێت لە بنیاتنان و لە پێکهاتەی ئەم شارستانیەت و پێشکەوتنەدا، توانا و ئیمکاناتی ((بنیاتنان و پێکهاتەی خۆیی مرۆیی خۆی)) لەدەستدەدات، لە ناوەوەی ئەم کلاّفە ژیانە بەکاربردنەکیەدا هەناسەبرکەی توشدەبێت و ئازایی و سەربەخۆیی و توانای هەڵبژاردنیو ئەو توانا جۆر بەجۆرانەی کەلە گەشە و دەرەوشانەوەی شێواز و ڕۆح ی ژیاندا و لبە ئەندێشە و فەرهەنگ و هونەر و ....ی مرۆڤەکاندا هەن، هەمووی لەدەستدەدات، بەجۆرێك کە مرۆڤەکان، کۆمەڵگە و قوتابخانەکان هەموویان و، بلیمەتیە تاکەکەسی و کۆمەڵیەکان بەرەو

سووان و یەك شێوازی و لە چوارچێوەو قاڵبدراوێتی دەبات و بەها مەعنەویەکان و شێوازگەلی ژیانێکی دیاریکراو بەسەر هەموواندا دەسەپێنرێت و، لە لایەکی تریشەوە ئەوشتەی کە مرۆڤ دروستیکردووە جەبری خۆی و ڕێکسازیی خۆی بەسەر دروستکەرەکەیدا واتە مرۆڤ، دەکاتە فەرمانڕەوا و ئەمەیە کە مرۆڤ بەدەستی ئەو شتەی کە خۆی دروستی دەکات، دروستدەکرێت و نەك تەنها دەبێتە بەندە بەڵکو دەبێتە خزم و هاوشێوەی دروستکراوەکەی خۆی.[٢]

---

٢. بابەتی ((ئەلیناسیۆن و دیز ئەلیناسیۆن))(نامۆبوون و ناشتیوونەوە) کە سانی یەکەمی وانەگوتنەودم (١٣٤٥_هەتاوی) بەناوی (ئەلیناسیۆنی عیرفانی و دیالەکتیکی مەزهەبی ڕۆژهەلات) و سانی دواتر (ئەلیناسیۆنی فەلسەفی ، کۆمەڵناسی هیگڵ و مارکس..) و سانی دواتر (ئەلیناسیۆنی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی سەرمایە - کار - نامێز)دا و دواجار نەمسال (ئەلیناسیۆنی فەرهەنگی) لە مێژووداو لە بەیومندی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواداو بە تایبەت کۆمەڵناسی ئیسلامی نەمرۆکە و (گەرانەوە بۆ خود) و خۆ ناگابوونی فەرهەنگی - مێژوویی ئێمە ودك تەنها ڕێگەی دیز ئەلیناسیۆن و شیفا و نازادی خود، باسمکردووە. کە موتالای ئەوانە تەواوکەری زانستی و قوڵی نەم بابەتەیە.

ماناو پەیامی مرۆڤ

پووتکردنەوەی ئەم هۆکارەو ئەم ناتەبایی و دژیەکییە، باس و بابەتی ئەم شەوی منە، بەڵام باوەڕم وایە کە گەورەترین هۆکاری شکستهێنانی ئەو ڕێگە چارە جۆراو جۆرانەی کەلە قوتابخانە جۆر بەجۆرەکاندا باش و دروست پێشکەشکراون بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ و بۆ هەبوونی شارستانییەتێک و کۆمەڵگەیەکی نموونەیی و بۆ داڕشتنی شێوازی ژیانی مادی و مەعنەوی و هۆکاری سەرنەکەوتنی هەموو ئەم قوتابخانانە کەم تازۆر ئەوەیە کە بەر لە دارشتن و پێکنانەوەیان، ماناو پەیامی ڕاستەقینەی خودی مرۆڤ نەناسراوە، نەزانراوە. کۆمەڵگەو سیستەم و شێوازی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بریتیە لە خانوێک کە مرۆڤ دەبێت تێیدا بژی بەڵام ئەم دروستکەری شارستانیەتە دروستکەری ئەم خانووە کە مرۆڤ دەبێت تێیدا بژی و کەسێک کە ئەم نەخشەیەی بۆ بنیایەکی لەم جۆرە دادەڕێژێت ودروستی دەکات. هەموو ئامانجی جوانیی ئەم خانووە و هونەری و تەکنیکی و لۆجیکی بوونی[۳] پەیوەندیەکانی نێوان هەل و

---

[۳] . بنۆڕن لە ڕەخنەی نیچە لە عەقڵگەرایی (سیانتیزم) ی ئون و هیرشی نەشبینگل بۆ سەر ڕێبازی عەقڵی -- ڕاسیۆنالیزم ی ئەمڕۆ کەجۆن قوتابخانەو بەرنامە بیکەرودکان و بەیێی بنەماکانی زانست پەروستی و بنەماکانی عەقڵ و نیستیدلالە لۆجیکیە بوختەکان

مەرجەکان و ژووروەکان و نهۆم و بینا جۆربە جۆرەکان و فرە چەشنێتیی ئەم خانووە و دامەزراوێتیی لەسەر بنەمانی زانستی دروستە. هەموو ئامانجی ئەوەیە کە خانوویەکی بێ کەم و کوڕی تر، ئاڵۆزتر و تۆکمەتر دروستبکات و دەشبینین کەلەم خواستەیدا سەرکەوتووبووە و هەر پۆژەو سەرکەوتووتر دەبێت و هۆکاری شکستهێنانیشی هەر لەم سەرکەوتنانەیدایە. چۆن؟ لەبەرئەوەی دروستکەری ئەم بینایە، ئەو بینایەی کە دەبێت مرۆڤی تێدابژی، بەڵەوەی کە نەخشە (خریطة)ی بیناکە لەسەر بنەمان بیناسازیەکان (معماری) و لە پووی تۆکمەیی و درێژخایەنی بەرژەوەندیەکان و لە پووی هونەری دیکۆر و پەیوەندیی نێوان پایەکان و دیوارەکان پەنجەرکان و ناوکێش و قەنەفەو شمەکی ناومالّەوە دابپڕێت، بەڵەوەی گرنگی بەم مەسەلەیە بدات، پێویستە بیر لە بابەتێك بکاتەوە کە خێراتر لە پێشترە لەم بابەتەو ئەویش ئەوەیە کە بزانێت چ کەسێك دەیەوێت لەم خانووەدا بژی ؟ کەسێکی چۆنە چ پێویستیەکی هەیە؟ چڕ لە چ شتێك وەردەگرێت و لە چ شتێك بێزاردەبێت؟ و لە پاش ناسینی کەسێك کە دەیەوێت لەم خانووەدا بژی و لەپاش لێکۆڵینەوەی چۆنێتی ڕۆحییەتی و پیداویستیەکانی و

لەگەڵ وافیعیەتە بەرچاوو سروشتیەکانی تەختی سروشت و نەتەوەو مێژووی کۆمەڵگەدا بگانە دێتەوە و کارەسات و وێرانکارییەکی بەرچاو بەرهەمدێنێت(ر.ك درس های من در تاریخ تمدن و تاریخ جهانی راجع به اشپنگل و سیانتیسم در درسهای مختلف).

کێشەکانی و ژارەزووەکانی و، هەروەها پاش شارەزابوون لە چەشنی و ژارەزووی و زاتی، دەبێت خانووەکە دروستبکرێت واتە دروستکەرێک کە خانوو بۆ مرۆڤ دروستەکات دەبێت یەکەم شت ئەو مرۆڤە بناسێت کە لە و خانووەدا نیشتەجێی دەکات. بە شێوەیەکی وورد و دروست وزانستی لە پێداویستیەکانی بکۆڵێتەوە و لە شێواز و ڕەگەزی پاشان لەو ڕووەوە بیربکاتەوە کە ئەم بینایە بە جۆرێک دروستبکات کە تەبابێت بە پێداویستیەکانی وەها کە سێک. دروستکەری بیناکە لە جیاتیی ئەوەی هەموو گرنگی و بایەخی ئەوە بێت کە بیناکە لەسەر بنەمای زۆر پێشکەوتوو و ڕۆژ لە ڕۆژ مۆدێرن تر سازبکات، دەبێت ئامانجی گونجانو شیاوێتی ئەم بینایە بێت لەگەڵ کەسێک کە تێیدا نیشتەجێ دەبێت.

بەڵام دەبینین کە قوتابخانەکان، لە جیاتی خستنە ڕووی ڕێگە چارە و پێشنیار و نەخشەگەلێک کە بۆ کۆمەڵگەی مرۆیی، بەشێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکە کەسیی، بۆ کوالێتی فەرهەنگ و شارستانێتی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئابووری مرۆیی وئەخلاقییەک کە پێویستە لەم شارستانیەتەدا بوونی هەبێت، هەموو داڕێژەرانی ئەم نەخشەیە ئامانجیان ئەوەیە کە نەخشەکە لەسەر بنەمای دوایین لێکۆڵینەوە بیناسازیەکان و حسابکاریی ووردی بیرکارییانە و فیزیایی و بینایی بێت، کە هەڵبەت ئەم کارەش دروست و پێویستە، بەڵام بەس نیە و دەبێت بیر لە بابەتێکی دیکەش بکاتەوە کە ئەگەر بیری لێنەکاتەوە ئەو بینایە

ئەگەریش تە بابێت بە دووایین و باشترین بنەماکانی بیناسازی نەک تەنها بەکەڵکی ئەو کەسەنایەت کەتێیدا نیشتەجێ دەبێت، بەڵکو پێدەچێت زیانبەخشیش بێت بۆی، نابێت بینا تەنها گونجاوبێت لە ڕووی بنەماکانی بیناسازیەوە، دەبێت هەمووی شیاوبێت لەگەڵ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ئەو کەسەی کە لەو خانووەدا دەژی.

قوتابخانەکان و پێداویستیەکانی مرۆڤ

دەمەوێت بڵێم قوتابخانەکۆمەڵایەتییەکان وەک مووقوتابخانەبنیاتنراوەکان لەسەر زانست کەلە سەدەی هەژدەیەمدا سەریانهەڵداو خرانەڕوو تەنانەت ئەگەر دانی پێدا بنێین کە ئەم قوتابخانانە هەموویان یا لانیکەم یەکێکیان، تەبایە لەگەڵ گرنگترین بنەمازانستیەکاندا لەگەڵ ئەوەدادەبێت ئەوباوەڕەمان لادروستببێت کە لەگەڵ پێداویستی مرۆڤدا گونجاونیە. بۆچی ؟ لەبەرئەوەی کە هەربیرباڕێك کاتێك قوتابخانەیەك ڕێکدەخات و ڕێگەی پزگاریی وکەماڵی تاك و کۆمەڵی مرۆیی پیشاندەدات. بەر لە هەموو شتێك دەبێت پێناسە و ڕافەیەکی زانستی و دروستی دەبێت بۆ جۆری مرۆڤ و هەروەها شارەزاییەکی ووردی لە مرۆڤ و هەروەها پێشبینی قۆڵ و دروستی بۆ

مرۆڤێك كه دەبێت ببێت له داهاتوودا، هەبێت، له كاتێكدا هیچ یەكێك لەوان شتێكی لەو جۆرەیان نییه دەربارەی مرۆڤ.

قوتابخانەیەكمان نییه كه دروست و زانستیانه سەرەتا مەتەڵی ئەوەی حەلكردبێت كه مرۆڤ كێیه و چی دەوێت یا دەبێت ببێتەچی و، گەشتبێته بنەماگەلێكی بێ نكوڵی و شیاوی قبوڵكردن. پاشان لەسەر بنەمای ناسینی ئەم مرۆڤه و هەروەها بەپێی ئەو نمونەیەی كه ئەم مرۆڤه پێویسته خۆی بەو شێوازه دروستبكات، قوتابخانەیەك كه ئەمەی خستبێته ڕوو، نیمانە. بەم پێیە، باوەڕم وایە كە هەر كەسێك هەربیردۆزێك و هەر ڕێگە چارە و هەر قوتابخانەیەك بۆبنیاتنانی شارستانییەتێكوكۆمەڵگەیەكی نمونەیی شێو ژیانێكی دروست دادەڕێژێت و دەیخاته بەردەست، دەبێت سەرەتا بەرلە هەموو شتێ، شارەزایی و پێناسەی خۆی سەبارەت بە جۆری مرۆڤ بخاتە ڕوو. پاشان ئەو قوتابخانەیەی كه باسی لێدەكات، تەنها و تەنها لەڕووی بنەماگەلی زانستیەوە بەرگریی لێنەكات، بەڵكو بۆمان ڕوونبكاتەوە كه چۆن ئەم قوتابخانەیە شیاوە لەگەڵ ئەو كۆمەڵگەیەی كه بنیاتی دەنێت كه ئەو كۆمەڵگەو ئەو شێوازە ژیانە گونجاوە لەگەڵ پێداویستیەكان وئاواتەكاندا و لەگەڵ بنەمای سروشت و ناوەڕۆكی ئەم جۆرە بوونەوەرە، لە زنجیرە و سوڕی تەواوكاریی ئەودا.

لەبەرئەمەیە کە من باوەڕم وایە هەرکەس بیردۆزێک دەدات، ڕێگەچارەیەک باسدەکات. پێشنیارێکی هەیە و یا قوتابخانەیەک قبوڵدەکات و یان خۆی دایدەڕێژێت لەسەرەتادا دەبێت پرسیاری لێ بکرێت کە مرۆڤ چۆن دەناسیت؟ چۆن بوونەوەرێکە ؟ دەبێت مرۆڤ چۆن ببێت (ببێتە چۆن مرۆڤێک)؟ئەو ڕێگە تەواو کارییەی کە بۆ مرۆڤ دایدەنێیت یا پێی ڕازیت کامەیە؟ وە مرۆڤێک کە دەبێت ببێت و مرۆڤێک کە بووە و ئێستا هەیە کامەیە؟

بەدەربڕینێکی گشتی تر، هەر قوتابخانەیەک دەبێت لە پێشەکییدا مرۆڤناسییەکی دروستی هەبێت ئەگەرنا هەمان ئەو ناڕەزاییەی کە ئەمڕۆ هەموو ڕۆشنبیران یەیانە لە شارستانیی نوێ و یاخی بوون لە وەها جۆرێکی ژیان. لەدوای لێکۆڵینەوە لە هەر قوتابخانەیەک و توێژینەوەی هەر کۆمەڵگەیەک و هەر شارستانییەتێک، دیسان جێگەی وەها ناڕەزاییەک هەیە، لەبەرئەوەی لە داڕشتنی ئەم شارستانیەتەو ئەم شێوازەی کۆمەڵگە و کوالێتیەدا، جۆری مرۆڤ پەچاونەکراوە بەڵکو هەموو سەرنج و ئامانجە بیناسازیەکە لەسەر بینەماکانی بیناسازیی بووە نەک لەسەر بنەمای مرۆیی و مرۆڤسازی. دەبینین. کە زۆرێک لە بیناکان بۆ دەستەو توێژێک دروستکراون کە ئەو بینایە باشترین ستایلی هەیە لە ڕووی بیناسازیەوە لە ڕووی بەرژەوەندیەوە باشترین بەرژەوەندیی- تێدابەکارهێنراوە، لەڕووی جوانکاریەوە باشترین دیکۆرو ڕازانەوەی

بیناسازیی بۆ بەکارهێنراوە، بەڵام ئەو کەسەی کە بیناکەی بۆ دروستکراوە، لێی ڕادەکات و ئەگەریش بەڕووگیربوون یافشار یا لە ڕووی ناچار و پێویستیەوە چەند شەوێک چەند هەفتەیەک یا چەند مانگێک بە شێوەیەکی کاتی تێیدا جێگیر بوو، ئەوا نەک هەست بەوە دەکات کە لە بینایەکی بنیاتنراو لەسەر بنەمای بیناسازی هونەریدایە بەڵکو وا هەستدەکات لە زیندانێکدایە و دواجار هەڵدێت لەو بینا زانستی و هونەری و زۆر تەکنیکیەوە دەڕوات بۆ ئەو کەلاوە قوڕبنە هەژارانەی خۆی. چونکە لەم بینایەدا تەنهاو تەنها باشترین بنەمای بیناسازی لەبەرچاوگیراوە و لە بنەڕەتدا ئەو کەسەی کە دەبێت لەم بینایەدا بژی. ئەم بیناکارە ئەو ناناسێت.

لێرەدایە کە هەر بیردۆزێک باوەڕمان پێیەتی، چ ئاین چ فەلسەفە ...ئەگەر بۆ مرۆڤە، ئەوا دەبێ پێشتر مرۆڤ بناسرێت و ئەگەر بۆ پرکردنەوەی پێداویستی مرۆڤە دەبێت لەگەڵ پێداویستی مرۆڤ و یا جۆری مرۆڤ دا و یا کۆمەڵگەیەکی تایبەت لە مرۆڤدا بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەم پێداویستیەدا دروستبکرێت.

بەڵام بابەتێک کە دەبێت بیڵێم ئەوەیە کە نامەوێت بانگەشەی ئەوە بکەم کە مرۆڤم ناسیوە، نە بوارم هەیە و نە توانا و شیاوێتی، بەڵام ئەوەی مەبەستمە لێرە بیخەمەڕوو و دەتوانرێت لەبارەیەوە بابەتێک ڕوونبکرێتەوە ئەوەیە کە مرۆڤ چۆن دروستدەکرێت(بنیاتنان و

پەروەردەو پەرەپێدانی) ؟ هەر ئەم مرۆڤەی کە هەیە، نەك مرۆڤی نمونەیی، مرۆڤی واقیعی کە لەسەرزەوی دەژی چۆن دروستدەکرێت ؟ بێگومان گەلێك وەلامی جۆراو جۆر لە دیدگای قوتابخانەکانوفەلسەفەکانەوە دەدرێتەوە بۆ ئەم پرسیارە. بەلام ئەوەی من باوەڕم پێیەتی ئەوەیە کە بە پێداچوونەوەیەك بە تێروانیندا و بەیەك بەلام و بیانوو، قسەی سارتەرو بە تایبەت فەلسەفەی مێژووی ئەوم کردووەتە بنەمای باوەڕم لەم بوارەدا.

بەرپرسیارێتی مرۆڤ لە ئاگزیستانسیالیزم(بوون گەرایی) دا

سارتەر دەڵێت : مرۆڤ بە پێچەوانەی هەموو بوونە وەرێکی دیکەوە خاڵییە لە هەموو سیفەتێك، هەویرێکە نەخراوەتە هیچ شێوازێکەوە، خودا –ئەگەر خواداپەرستین‌و–(سروشت) ئەگەر سروشت پەرستین[1] کە دروستکەری مرۆڤن، هیچ یەکێکیان بۆ مرۆڤ(تصور) و وێنا بەك کە دەیانەوێت چی دروستبکەن، نەیانبوو، بە پێچەوانەی بوونەوەرەکانی دیکەوە کە کاتێك سروشت یان خودا وبستوویەتی دروستی بکات، بەڵە ناسینی، چۆنێتیی ئەم بوونەوەرەو ئەم دروستکراوە لە زەینیدا و لە

---

[1]. کاتێك دەڵێم خودا، یا سروشت ، لەبەرنەوەیە کە ئەگزیتسالسیتەکان بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئێمەیان لێ تێگەیاندووە بە دڵنیاییەوە بێ خودا نین بەڵکو بنیاتنەرانی ئەگزیتانسیالیزم (کیرکەگۆر) کە دامەزرێنەری یەکەمەو (یاسپیرس) کە هاوچەرخییەتی ، هەردوکیان نەك تەنها خودایەرستن بەڵکو لە دیارترین کەسە مەزهەبیەکانی سەدەی نۆزدەو سەدەی ئێستاکەن. (کیرکەگۆر و یاسپرس) هەردووکیان یەکێك لە گەورەترین فەیلەسوفە مەزهەبیەکانی ئەوروپان. ئەو لەسەدەی نۆزدەدا و ئەم لەسەدەی بیستەمدا. پاشان کە سارتەر و کنتی‌و تانیودی رێگا نەلێرکامۆ کە فەیلەسوفی پاش جەنگی ئێودەوڵەتیی دووەمی ئەوروپاو ئەو قەیرانە ترسناکە فیکریەن ئەم قوتابخانەیان لە خودا جیاکردەوە و ئەگزیستانسیالسمی ئەمان ئەگەزیستالیسمێکی بێ خوداییە لەکاتێکدا کەفەیلەسوفە دامەزرێنەرەکان ئەم قوتابخانەیان وەك گەورەترین ناراستەو ڕوونکردنەوەی نەندێشەی مەزهەبی دانا بەڵام ئێمە هەمیشە فیکر و قوتابخانە فەلسەفی و کۆمەڵایەتیی و هونەرییەکانی ئەوروپا بەو شێوە ناسین کە هەیە بەڵکو بەو شێوەیی کە دەبێت بیناسین پێمان دەناسێنن ئەمەش جێگەی ئیگەرانیە.

ئیرادەیدا هەبووە. هەر بەو جۆرە کە دروستکەرێکی عەقڵدین (سۆباسازێک) سەرەتا سۆبایەکی بەو ڕەنگە تایبەت و جۆرەتایبەتی، شێوە تایبەتەی لە زەینی خۆیدا وێنادەکات. بەم پێیە لەسەرەتادا سیفەگەلێکی تایبەت بۆ سۆبا لە زەینیدا دروستدەبێت، بەڵام سۆبایەک هێشتا بوونی نیە و پاشان دەستدەکات بە دروستکردنی ئەو سۆبایەی کە لە پێشتردا چۆنێتیەکەی لە زەینیدا هەبووە. کەوایە لەسەرەتادا سۆبابوون) بە سیفەتەکانیەوە و پاشان (بوون و وجودی سۆبا) وەک سارتەر دەڵێت (یەکەم جار کوالێتی و چۆنێتی شت دروستدەبێت پاشان وجوودی دێتە بوون. هیچ کەسێک نیە کە شتێک دروستبکات و نەگەر لێی بپرسین چی دروستدەکەیت، بڵێت من چووزانم چی لێ دەردێت (دەبێتەچی). هەموو کەسێک سەرەتا (چۆنێتی) ی شتێکی لە زەیندا هەیە و پاشان بوون دەداتە ئەو (چۆنێتی)یە ئەمەیە مانای ئەم باسە کە سەرەتا چۆنێتی و پاشان بوون (ماهیت و بعد وجود)بەڵام لە مرۆڤدا بەپێچەوانەوەیە خودا یا سروشت[٥] کە دروستکەری مرۆڤە یەکەم جار

---

٥. لەداستانی بەدیهێنانی نادەم دا، جۆرێک نەگزیستانسیالیزمی تایبەت(نازادێتی‌وبەرپرسبوون لەنیرارادەوکردار) دەبینرێت ، نەگزیتانسیالیزمێک کە بە پێچەوانەی هەوڵە زارەکی و لۆجیکیەکانی سارتەرەوە، بۆ تەبایی و هاوڕێکی نەو لەگەڵ مرۆڤگەرایی (هیومانیزم) دا پێویست بەهیچ بەڵگە و پاساوێک ناکات . خودا تەنها ڕایدەگەیەنێت کە دەیەوێت ، نادەم (جێنشینێک) لەسەر زەوی دروستبکات. نەوە فریشتەکانن کە بە پێوەری مرۆڤەکانی پێش نادەم(س) باس لە چۆنایەتی (ماهیەت)ی خراپەکاریی و

بـوون ی هەیـە (بـوونی لایـە) بوونێـك کـە ئەگـەر-یەکـەم جـار لـەومان بپرسیایە چ شتێکت دروستکردووە، هـیچ وەڵامێکـی نـەبوو توانابیـەکی ڕەها و بڕێك ئاسنی بێشێوەی دروستکردووەو پاشان خودی ئەم هـەویرە بـێ شـکڵە کـە (بـوون)ە خـۆی بـە هاوکـاریی مێـژوو ئـەم مـەویرە دروستدەکات. چۆن ؟ بەو جۆرەکە خۆی دەیەوێت. بەم پێیە ئەم پارچە سـۆباکە بـەناوی (مـرۆڤ)ەوە دروسـتکراوە، دروسـتکەرەکە تـەنها ئاسـنەکەیی دروستکردو ئـەوەخودی پارچـە ئاسنەکەیە کـە لـە ڕەوتـی زەمەندا، خۆی ڕەنگ بە خۆی دەدات و شـکڵ و شـێوەبە خـۆی دەدات و چـۆنێتی و چـیـیەتی بـە خـۆی دەبەخـشێت بـەپێی ئەندێـشەی خـۆی، پرۆژەی خۆی و ئەو نەخشەی کە هەیەتی، خراپ یا باش یـا ناشـیرین یـا جـوان، هـیچ یـەکێك لـە مانـە لـە ئارادانیـە. لەبـەر ئـەوەی هـیچ پێـوەرو دیسپلینێك بوونی نییە. بەم پێیە بەڕپرسی دروسـتکردن (دروسـتکردنی

خوێنڕێژیی مرۆڤدەکەن (بەڵە وجود(بوون)ی نادەم) و خودا نەنکوڵی دەکات و نە پاڵپشتیان دەکات دانبەقسەکانیاندا نانێت، تەنها دەڵێت (من دەیزانم ئـەو شتەی کە نێوە نـایزانن_انـي اعلم مالا تعلمـون) بـاس لـە سـیفەت و جـۆنایەتی نـەو ناکات. پـاش بـە دیهێنـانی نـادەم، لـە تاقیکردنەوەکەیدا کە لەگەڵ فریشتەکاندا بڕاوە دەبێت و هەروەها لەسەر سەربێچیکردنی لە بەهەشت . ِ هێنانەدەری بۆ سەر زەوی و.... هەموو ئەوانە سیفەت و تایبەتمەندیگەلێکن کە لە ڕدوتی زەمەندا بە ویست و نیرادەی خۆی و لە چوارچێوەی کارەکانیدا دروستددبن. نـادەم یاخی لە بەدیهێنان نابێت ، ئەو سەربێچی دەکات و ، ئەم مەسەلەیەش بـەردەوام دەبێت لـە بەسەرهاتی حەواو قابیل و هابیلیشدا..... (ر. ك . بە کۆنفرانسی مرۆڤگەرایی لەفەلسەفەی بەدیهێنانی نادەمدا . زانکۆی نەوتی نابادان ساڵی (١٣٤٧).

ویست و ئیراده) ی خۆمان، نەخودایە و نە سروشت، بەڵکو خودی خۆمانین. بەرپرسیارێتیەکی گەورە کەڵە (اگزیستالیزم) دا هەیە ئەمەیە. بەرپرسیاریێتیەتێك کە خودا لەهەموو بوونەوەردا و بەرامبەر بە هەموو شتەکان هەیەتی، لێرەدا مرۆڤ ئەم بەرپرسیارێتیەی دەربارەی خۆی لەئەستۆدایە.

تەمەنی بنیاتنرانی مرۆڤ

(تەمەنی بنیاتنران ودروستبوونی ویست و ئیرادە و مەعنەویەت. و)

کارم بەم باسەوە نیە، کارم بە فەلسەفەی ئەو مێژووەوە هەیە کەلەم باسەوە سەرهەڵدەدات. واتە من کە چل سالّ یا پەنجاسالّ تەمەنی ناسنامەییمە، من کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندی و سیفەتگەل و شێواز و چۆنایەتیانەم کە ئێوە من بەم سیفەتانەوە دەناسن، وادەزانم کە بەرلە هەموو شتێك ئەم تایبەتمەندی و چۆنێتیەی کە لەڕۆح و تێڕوانین و باوەڕمدا هەمە، لەماوەی ئەم چل یا پەنجا یا شەست ساڵەی تەمەنی ناسنامەیی منداروستکراوە. لەکاتێکدا کە وانیە، من لەم پەنجا ساڵە ـ دروستنەکراوم من واتە ئەو کۆمەڵە سیفەتانەی کە من دروستدەکەن و ئێوە ئەو سیفەتانە بەناوی منەوە دەناسن کۆی ئەو سیفەتانە لە درێژایی مێژووی منداروستکراون نەك لە درێژایی تەمەنی منداد. کەوایە ئەم چل ساڵە چ کارەیە ؟ چل سالّ بریتیە لەو هەل و بوارەی کە تێیدا مێژوو

خۆی له منداد ەنوسێت (وێنا دەکات). کەواتە هەر (من) یەک هەر تاکێک، بریتی نییە لەو یادەوەرییانەی کەلە ماوەی تەمەنیدا هەیەتی وە ئەو سیفات و تایبەتمەندییانەی کەلە ماوەی سالانی تەمەنیدا شکڵی وەرگرتووە و دروستبووە، بەڵکو هەرتاکێک بریتیە لە کتێبی مێژووی نەتەوەکەی، کۆمەڵگەکەی، گەلەکەی و ناوچە و هەرێمەکەی کەوایە تاکێک واتە هەموو تایبەتمەندیە مرۆییەکان و تاکێک واتە هەموو ئەو شتانەی کە منی لە کەسانی دیکە و شتەکانی دیکە دا ناساندوە و دەرخستووە، بۆیە هەموومان کە لێرە دانیشتوین لەگەڵ ئەم تەختە لەگەڵ ئەم دارە ئەم میکرۆفۆنەدا، لە وجود دا لەیەک دەچین. من هیچ جیاوازییەکم لەگەڵ ئەو بڵندگۆیەدا نیە لە پووی بوون (وجود)ەوە و تەواو یەکسانین. جیاوازی من و ئەم بڵندگۆیە و من و شتەکانی دیکەی سروست و جیاوازیی من و ئاژەڵان ومن لەگەڵ کەسەکانی دیکەدا لەگەڵ تاکە مرۆییەکاندا، لە چییەتی (ماهیەت) ی منداید، بەڵام ئەم چییەتیە لەدرێژایی تەمەنی منداد دروستنەبووە. هەموو مێژووی من، ئەوای راپردوو، سەدە یەکلەدوایەکەکانن کە کاریان لە پێکهاتە و بنیاتی چییەتی منداد هەبووە. هەر بەو جۆرە کەلە دەسالڵ لەمەوبەردا، لە بیست سالڵ لەمەوبەردا، گۆڕانکارییەک لە بنەماڵەو خێزانەکەی منداد، لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی منداد، دروستبوو و ئەم جوولەیە و ئەم پووداوە کاری کردە سەرچۆنێتی من و پەروەردەی من، هەر بەو جۆرەش لە هەزاروچوارسەدسالڵ بەر لە ئێستە پووداوی جەنگی سەعدی کوپی ئەبی

وەقتاس لەگەڵ پۆستەمی فەرپوخزاد داو (٧٠٠) ساڵ لەمەو بەر شەڕی جەنگیز لەگەڵ خوارەزمشادا و (٢٣٠٠) ساڵ لەمەوپێش جەنگی ئەسکەندەر و دارا، کاریانکردە سەر چیرۆکی تایبەتمەندی من، تایبەتمەندی من، کەسێتی من، هەر بەو جۆرەکە من لە ساڵانێکدا لە دایکبوومە کە بیریارێکی وەک سارتەر سەری هەڵداوە، بیریارێکی گەورەی وەک هیگڵ لەم قۆناغەدا سەری هەڵداوە وهەربەوجۆرەکەمن پۆشتم بۆلای فلان مامۆستا فێربووم وەرگرتووە، ئەو و بیری ئەو لەماوەی تەمەنی منداکە پێکەوە هاوتەمەن و هاو سەدە بووینە، کاریگەریی کردۆتە سەرم کە ڕوو داوێکی فیکری یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی منی دروستکردووە و قاڵبێکی بە من بەخشیوە، هەر بەو جۆرەش زەرتەشت لە (٢٦٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا کەلە مێژووی منداسەری هەڵداوە لە پێکهاتەی منداکاریگەریی پاستەوخۆی دانا. کەوایە لە پاستیدا من بوونێکی بێ چیرۆکی (وجودێکی بێ ماهیەت) بوومە کە چیرۆکیتیی من لە درێژایی مێژووی منداشکڵی وەرگرتووە. بەدەربڕینێکی سادەتر بڵێم **تەمەنی پاستەقینەی هەرتاکێك بریتییە لە تەمەنی پاستەقینەی مێژووی ئەو، هەرکەسەو بەپادەی هەموو پابردووی ژیاوە.**

ئیمپرسۆن دەڵێت : مێژوونوس کە سێکە کە لە هەموو سەدەکاندا ژیاوە بەڵام دەبێت وتەکەی ئیمپرسۆن نەك هەربۆ مێژوونوس، بۆ هەموو تاکێك بەدروستبزانین کە هەرتاکێك بەرهات و دەرهاتی کۆمەڵێك لە

دیارده و ڕووداوه کۆمەڵایەتیە مادی و مەعنەویەکانە کەلە کۆمەڵگەکەی ئەودا لەماوەی مێژووی ئەودا دەرکەوتوون. کەوایە مرۆڤبوونی هەرتاکێکی مرۆیی مانای کۆمەڵە تایبەتمەندیەک کەلە بوونی بێ سیفەتی ئەودا دەرکەوتوون، کۆمەڵە سیفەتێک کە مرۆڤبوونی ئەو دروستدەکەن بەرهەمی مێژووی ئەوە و بەرهەمی هەر مێژوویەک کۆمەڵێک پاشەکەوت و بنیاتنراون کە ئەو وەچە یەک لە دوایەکانەی کە من پەیوەستبوومە پێیانەوە لە کۆمەڵگەی منـدا کۆمایانکردووە (خستوویانەتە سەریەک) و ڕۆحی کۆمەڵگەی منیان دروستکردووە و ئەو ڕۆحەی کە دروستکراوی تەواوی سەدە درێژخایەن و یەکلەدوایەکەکانی مێژووی منە، لە منـدا کە ئاوێنەیەکی خاڵی بووم لە وێنە ڕەنگ و وێنە یانداوەتە وە، کەوایە هەرکەس مرۆڤبوونی، واتە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەو بەناوی (مرۆڤ) دیاریدەکەن لە مێژوویەوە وەریدەگرێت. مێژووی کۆمەڵگەیەک — بەم مانایەی مێژوو — بە سی یا چل سالّ دروست نابێت. نەتەوەیەک کۆی هەموو ئەو پاشەکەوت و بەرهەمە مەعنەوییانەیە کەبەسەر یەکەوە لە درێژایی ئەو کاتە دوورو درێژانەی کە ڕابردووی لەگەڵ ئەفسانەکاندا یەکدەگرێتەوە، سامانی مرۆیی کۆمەڵگە و سەرمایەی مەعنەویی کۆمەڵایەتی ئەو دروستدەکات. وە تاک بریتیە لە بوونەوەرێک کە لەم هەمبارو کەڵەکەکراوەو لەم سەرچاوەی کە لە قوڵایی مێژووەوە هەڵدەقوڵێت، ئاودەخواتەوە و خۆراک وەردەگرێت و دەبێتە مرۆڤ.

خاڵی کردنەوەی مرۆڤ لە ناوەڕۆک :

بەداخەوە بوارنیە و ناچارم کە یەکێک لە سەرەکیترین و بنەمایی ترین باسێک کە پەیوەستە بەم باسەوە بەگشتی بیبڕم و بچمە سەر قۆناغێک کە قۆناغی کۆتایە.

بەم پێیە دوو ڕێگە چارە لە زەیندا دروستدەبێت و ئەویش ئەوەیەکە : چۆن دەتوانرێت مرۆڤی خاوەن سامان، خاوەن کەسێتی و ڕەسەن—لە ڕووی تاک و کۆمەڵگەی مرۆییەوە — دروستبکرێت؟ هەروەها ئەم پرسیارەی کە لە چ ڕێگەیەکەوە دەکرێت مرۆڤ لە مرۆڤێتی خۆی خاڵیبکرێتەوە؟ دێمە سەر پرسیاری دووەم.

لە چاخ و قۆناغەکانی کۆتاییدا، لە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ئێمە و کۆمەڵگەی ئیسلامی ئێمە و کۆمەڵگەی نەتەوەیی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەوروپیدا لە فۆرمی ژیانی ئەم دوا دواییەیدا وەڵامی دروست و ڕوونی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و کاری پێکردووە، دەستی داوەتە ئەزموون و سەرکەوتوش بووە.

چۆن دەکرێت مرۆڤ لە ناوەڕۆکی مرۆیی خۆی خاڵی بکرێتەوە. مانای چی؟ چۆن دەتوانرێت هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە بەناوی مرۆڤە وە لەسەر وجوودی خاڵیی بێ سیفەت و چییەتیی ئەم کەسە

مرۆییەوە چەسپاوە، جیابکرێتەوە و وەک یەکەم جار کە خودا یا سروشت ئەوی بەدیهێنا، بوونەوەرێکی بێ ماهیەت و چییەتی دروستبکرێت ؟ کاتێک ببینین کە ئەم (بوون)ە چۆن چییەتی وەرگرتووە، دەتوانین بزانین کە چۆن دەکرێت چییەتی لێ بسەنرێتەوە. کاتێک کە گوتمان تاک، کتێبێکە کەوا مێژووی لەخۆدانوسراوی هەیە، زانایەکی فیزیا دەڵێت پۆڵا یادەوەرییەکانی خۆیی لە خۆیدا هەڵدەگرێت. واتە پارچەیەک پۆڵا ئەگەر لەماوەی نەو دوو هەزار ساڵەی کەلەسەرزەوی لەدەستی کە سە جۆراو جۆرەکاندا بووە لەم دێ و لەو شار، جارێک بووە بە خاکەناز و جارێک بووە بە بێڵ و جارێک بە شەکرشکێن و بەنان و دواجار بوونە مێخ و بۆ ئەم شکڵ و شێوە جۆراوجۆرانە هەر جارێک خراوەتە ناو کوورە و ئێستا ئەم پارچە پۆڵایە هەموو ئەو چەکوشانەی کەلەماوەی ئەم دووهەزار ساڵە دا پێیدا کێشراوە و هەموو ئەو ئاگرانە لەو ماوەیەدا لە کورەکاندا دیویەتی، کاریگەرییەکانیان لەم پۆڵایەدا پارێزراوە.

واتە ئەگەر فیزیا پێشبکەوێت دەتوانێت جیاوازی نێوان دوو پارچە پۆڵا بناسێتەوە کە یەکێکیان لەماوەی دوو یا سێ یا پێنج هەزار ساڵدا (٩٠٠) جار خراوەتە نێو کورە و یەکێکی تریان (٩٠١) جار خراوەتە نێو کورە لەم دوو پارچە دا هەستی پێبکات و بیزانێت.

مرۆڤ، بەو مانایەی کە گوتم، بە شێوەیەکی سەرەکیتر هەستیارترە لە پۆلا. مرۆڤ ئاوێنەیەکە مێژووەکەی لە خۆیدا دەداتەوە. هەویرێکی بێ شێوە و سیفەت‌وڕەنگە مێژوو شکڵ و سیفەت و ڕەنگی پێداوە و قاپێکی خاڵییە کە مێژوو پڕیکردووەتەوە، مرۆڤ درەختێکە لە سەرچاوەی چییەتی مرۆڤایەتیەك وەبارهاتووە و ئاودەخواتەوە کە لە قوڵایی مێژوودا ڕەوتی هەیە و درەختێك کە لەو زەویەی ناوی مێژووە، خۆراك دەخوات ئەم مرۆڤە بە بڕینی پەیوەندی و بچرانی ڕەگەکانی، بێبەش کردن و گرتنەوەی لە دەراو(ئاوخۆرگە)ی چییەتی، لەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە ڕەنگەکانی مرۆڤبوون - بەدەربڕینی زانستی کە سێتی مرۆیی، کە سێتی نەتەوەیی کە سێتی تاکەکەسی وەردەگرێت، ئەگەر ئەم مرۆڤە لەم سەرچاوە خۆراکییە واتە لەسەرچاوەی ماهیەتی دابڕپین، بە جۆرێ کە پەیوەندیی لەگەڵیدا نەبێت و بێگانە ببێت لێی، ئەو مرۆڤەمان خستووەتە شێوەی قاپێکەوە خاڵی لەخۆی، بوونێکی دروستکراو بەبێ چییەتی (ماهیەت). بوونی بێ چییەتی (وجودی بێ ماهیەت)، جا شتی وا دەکرێت؟ خەیاڵە درۆیە، بەڵام ئایا نابینین کەسانێك هەن کە (بوونێکی بێ چییەتین) ؟

لەڕووی عەقڵییەوە ڕێی تێناچێت، بەڵام هەستی پێدەکەین، دەیناسین، دەیبینین و، چەندە زۆرن! مرۆڤگەلێك کە چییەتیان لەدەستداوە و بوونیان هەیە !

بۆچی و چۆن ئەوروپا وبستی پڕۆژەلاتێك خاڵیبكاتەوە لەماهییەتی خۆی و چۆن توانی لە ناوەڕۆكی خۆی خاڵی بكاتەوە؟ دیارە كە بۆچی دەیویست. ئەو ئەوروپایەی كاتێك لە چواردیواریی سەدەكانی ناوەڕاست هاتە دەرەوە و سەر لە نوێ پێی نایە ئەمبەرەو، لەگەڵ دووجۆر كۆمەڵگەدا مامەڵە و سەروكاری پەیداكرد. بڕێكیان ئەو كۆمەڵگەیانەی وەك خۆی دەڵێت نیمچە وەحشی— و ئەم زاراوەیەش بێگومان هیچ مرۆڤێك پێی قبوڵ نیە—دەتوانین بە كۆمەڵگەیەك بڵێین بێ فەرهەنگ و شارەستانییەت و ئایینی پێشكەوتوو كە نیوە وەحشی بووە و نەهاتبوونە قۆناغی شارستانیەتەوە و هێشتا نەگەشتبوونە قۆناغی (دێڕ)ەوە واتە هێشتا نە هاتبوونە نێو مێژووەوە.

بەڵام لەوێدا كە دەگوترێت بێ فەرهەنگ بووە، جێگەی وەستان و لێ ڕامانە بەڵام بە هەرحاڵ ئەگەر فەرهەنگێكیشیان هەبووە، كەم بووە. لاوازیش بووە و لەچاو كۆمەڵگە مێژووییەكاندا لە قۆناغی زۆر سەرەتاییدا بوونە.

جۆرەكانی كۆمەڵگە:

ئەم زاراوەیە سەرەتا ڕاڤەدەكەم : سێ جۆر كۆمەڵگا بوونی هەیە، كۆمەڵگەی سەرەتایی، كۆمەڵگەی نیمچە وەحشی كە هێشتا نەگەشتۆونەتە قۆناغی جل و بەرگ و خانوو پەیوەندییە

کۆمەڵایەتییەکان و نوسین و پەروەردە، کۆمەڵگەی مێژوویی واتە ئەوکۆمەڵگەیەی کە لە مێژوودا خاوەنی شارستانەیتی بووە و پێشکەوتنێکی زۆریشی بینیوە بەخۆیەوە، شارستانیەتێك کە لە چاخی خۆیدا نایاب و کەم وێنە بووە بەڵام نێستا دواکەوتووە و سێیەمیان کۆمەڵگەی مۆدێرن واتە ئەو کۆمەڵگەیەی کە پیشەسازی و سەرمایەی هەیەو چارەنوسی ئابووری و تەنانەت فەرهەنگی ناوچەیەکی فراوان لە جیهان و ڕەنگە هەموو جیهانی گرتووە تە دەست. بەهەرحاڵ هەوسارو لغاوی تەواوکەری شارستانیەت نێستا لە دەستی ئەم کۆمەڵگە مۆدێرنەدایە.

بەم پێیە، کاتێك ئەورووپایەك ویستی لە قەباغی خۆی بێتەدەرەوە، لەگەڵ دووجۆر کۆمەڵگە دا سەرو کاری بۆ دروستبوو(کارو مامەڵەی کەوتە نێو دوو جۆر کۆمەڵگەوە) : کۆمەڵگەی یەکەم کۆمەڵگەی نیمچە وەحشی واتە ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێی نابووە نێو مێژووەوە. ئەگەریش فەرهەنگێك و شارستانییەتێك هەبووە ئەورووپاییەك دەیتوانی بەسادەیی نکوڵی لەو فەرهەنگە بکات و بڵێت ئەمانە مرۆڤگەلێك نین کە هەن، مرۆڤگەلێکن کە دەبێت بن (چۆنێتییان پێبدرێت)، واتە مرۆڤانێك کە لەحاڵەتی (بوونین) و بنیاتنراندان، کۆمەڵگەی مرۆیی لەحاڵەتی بوونداد هێشتا کۆمەڵگەیەکی خاوەن شارستانیەت و خاوەن فەرهەنگی تایبەت و کەسێتی مرۆیی و هۆشیارنیە. بەڵام ئەم کۆمەڵگە سەرەتاییە، کەلە

پۆلینزی و له هەندێ له ناوچەکانی ئەفریقا و ئوسترالیا هەیە، کۆمەڵناس بەناوی کۆمەڵگەی سەرەتاییەوە دەیناسێت. جۆری دووەم لەگەڵ کۆمەڵگە مێژوویەکاندا مامەڵەیانکرد. ئەم کۆمەڵگە مێژووییانە فەرهەنگێکی گەورە و سامانێکی زۆر گەورەیان لە پاشخاندا هەبووە. ئەو مرۆڤانەی کەلەم کۆمەڵگەیەدا دەژیان لەم سەرچاوە بەگوڕو بە خوڕ و بە هێزە ماهیەت سازە(چییەتی دروستکەرە)، واتە لە مێژوو فەرهەنگی خۆی وکۆمەڵێك پاشەکەوتگەل و هەمبارکراو و دروستکراوەمەعنەویەکانی رابردووی کە تائێستا بەردەوامی هەبووە، ووزە و خۆراکی وەرگرتووە و ئەزموونی دەروونناسی دەریدەخات کە تاکێك (ئەم ئەزموونە بۆ کۆمەڵیش پاستە) بەڕێژەیەك کە خۆی بەکەم و بچووك و بێ شانازی و بێ بنەچەو بێ بەهاگەل ڕەگداری مرۆیی بزانێت، هەربەو ڕێژەیە دەبێتە دەستەمۆی کەسێکی دی. نەك تەنها دەستەمۆ بەڵکو هەوڵدەدات تاکو دەستە مۆیەتی لەبەرامبەر کەسێکی تردا بەدەستبێنێت. نابینین کە سانێکی زەبوون و بەزیوو کە چەندە هەوڵدەدەن تاکو بەندایەتی خۆیان، چێژی خۆیان، لاوازی و نۆکەریی خۆیان پیشانبدەن بەرامبەر بە سەردارەکەی خۆیان و هەوڵدەدەن تاکو تێیانبگەن کە ئەم نۆکەرە دەستە مۆیەو یا کەنیزە دەستە مۆو گوێ لە مشتە، باشە و دروستکراوە بۆ نۆکەریی؟ بۆچی وەهایە ؟ لەبەرئەوەی مرۆڤێك و تاکێك کە خۆی بەخاڵی لە کەسێتی مرۆیی و بێ سامان بزانێت، وا هەستبەخۆی بکات کەلە ڕەگەزێکی نزمە و لە جۆری کۆلیل و داماوە، خۆبەخۆ کاربانەوە ی

سروشتی و تەنانەت لە نەستەوە کەسێکی وەهایە کە بەگەیشن بەکەسێکی تر کە بەشایستەترو لە پێشتر و ڕەسەنتر لەخۆی بزانێت، دەیەوێت ئەو (چۆنێیی—کەم و کوڕی) بە مرۆییە و ئەو زەبوون و هیچ بوونەی خۆی قەرەبوو بکاتەوە.

بەم پێیە کەسێک کە خاڵیە لە کەسێتی مرۆیی (کەسایەتیی هەر بە مانای زانستی مەسەلەکە واتە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کە مرۆڤێک سەرمایەدارەکات لەڕووی چیبەتی مرۆییەوە بەهەرشێوازێک کەباوەڕی هەبێت، مەعریفەو شارەزایی خۆی پێوەرە واتە کە سێک کە باوەڕی وایە ڕابردوو یەک، ئێستایەک و تۆشوویەکی ڕێگای پاشەکەوت و سیفەتگەل و ئیمتیاز و فرەجوانیی فراوانی هەیە، هەرچەندەش بەدرۆ، هەرچەندەش خاوەنی هیچ شتێک لەم شتانە نەبێت)بەوڕادەیەی کەخۆی بەخاڵیی لەم (پاشەکەوتانەوجوانبوونی ڕۆحولەپێشتربوونی نەژاد و هەبوونی بەهاگەلی مرۆیی)یانەهەستپێبکات، ئەوا گرێی پوچێتی، زەبوونی و، خاڵیبوون لەگەوهەری مرۆیی، بەشێوازێکی نزم و بێ بەهایانە بەکێشی دەکەن بەرەو کەسێک کە وا هەستدەکات ئەو کەسە خاوەنی هەموو ئەو شتانەیە کەخۆی نییەتی. بەجەبری و ناچاری وەها پەیوەندیەک لە نێوان ئەم دوو مرۆڤەدا دروستدەبێت. لەنێوان مرۆڤێکدا کە باوەڕی کردووە هیچی نییە و هیچ نیە، لەگەڵ مرۆڤێکدا کە ئەم کەسە باوەڕی هەیە کە ئەو هەیە و لەو نەژاد و ڕەگەزەیەو بنەماڵە و بەهاو سیفەت و ئیمتیازی بااڵترە. خۆ

بـەخۆ پەیوەندیی لاسایکردنەوە و هەروەها پەیوەندی بەندەیێتی لەنێوان لاسایکەرو لاسایکراودا و لە نێوان غولام و ئاغادا بەشێوەیەکی جەبری و ناچار دروستدەبێت. پێویستناکات سەردارو ئاغاکە غولام و کۆیلەکەپاو بکات و پامی بکات، بەڵکو خزمەتکارو غولامەکە دەپوات و سەردارەکە پاودەکات و لە هەموو بارو هەل و مەرجێکدا بێت خۆی نیشاندەدات بە غولامیی و زەبوونی و چێژو خۆ وەك بەندە نواندن بۆ ئەوو شوێنکەوتنی. بۆچی ؟ لەبەرئەوەی کەسێك کە خاڵیە لە خۆی، خاوەنی خۆی نیە. بەدەست و پێوەند بوونی بۆکەسێکی تر کە خاوەنی خودێتیی پەسەنی مرۆییە، هەرچۆن بووە خۆیەتیەکی جێ باوەپی و بڕکردنی بۆ دروستدەبێت و بەهەرحاڵ ئازاری هیچبوون و خاڵیبوونەکەی کەمێك دادەمرکێتەوە.

بە پێچەوانەشەوە، مرۆڤێك کە هەست و هۆشیاریی پوون و بێداری هەیە سەبارەت بەسەروەرێتی و فەزیلەتی مرۆیی خۆی، باوەپی وایە بەحەق یابە ناحەق (پەوا یا ناپەوا)، (بابەتێکی دەروونییە) کە خاوەنی شایستەییە مرۆییەکانەو، کەسانێك کە شوێنکەوتەی ئەون و پێشتریش بوو بوون، لەو باوەپەدان کە سەردارەکەیان دەتوانێت دروستبکات، دەتوانێت هەڵبژێرێت، دەتوانێت بژی، لەسەر پێی خۆی پاوەستێ و بەهەر حاڵ باوەپی بەپەسەنێتی خۆی هەیە و، هەستەکات کە دەوڵەمەندە. بەڵام کەسێك کەخۆی بە مرۆڤ دەهەژمێرێت، لە هەل و

مەرجگەلێکی تایبەتدا کە جەبری و زەبری دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ناچارە کۆیرانە گوێڕایەڵی کەسێک بێت و، بەندە و ژێردەستی بێت، بەر لەهەرشتێ هەرگیز لەو هەل و مەرجەشدا کارەکەرو کۆیلەیەکی دەستەمۆ نابێت و، جیا لەمەش هەمیشە لە هەوڵ و تەقالای ئەوەدایە کە ئەم تەوق و کۆتە کە بە نەنگیی دەزانێت وبەردەوام ئازاری دەدات، لەگەردنی خۆی دابماڵێت بەهەر نرخێک بووبێت. ڕێک بە پێچەوانەی ئەو کەسە نائاگایەوە کە دەیەوێت بە هەر نرخێک بووە ئەم کۆتە بخاتە ملی خۆی.

چۆن سروشتی خۆی خاڵی دەکەنەوە؟

لە خۆخاڵیکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی، لەخۆ خاڵیکردنەوەی مرۆڤی پابەند بە کۆمەڵگەوە، واتە بڕینی ئەو لەخۆی واتە بێگانەکردنی و نامۆکردنی لەگەڵ خۆیدا. ئمتیازێکی لەم جۆرەی چۆن بەدەستهێنا؟ ڕۆژئاوا بەخراپ ناساندنی ئێمە و باش ناساندنی خۆی بەئێمەو، هەروەها بە خراپ نیشاندانی ئێمە بە خۆمان، ئەو خۆی بەشێوەی نەداوێک و گشتێک، بێ کەم و کوڕی، خاوەنی نەژادی لە پێشتر، خاوەنی هەموو فەزیلەتە مرۆییەکان و خاوەنی هەموو ئەو توانایانەی کە جۆرێکی هەڵبژاردە و لە پێشتری مرۆڤ دەتوانێت هەیبێت، و بەگشتێکی ڕەها، ناساند کە هەر ئەندێشەیەک، بیرێک بکاتەوە باشترینە و هەرکارێ دەیکات باشترینە، هەر چیەکی هەیە و هەر سیفەتێک کەپێی دەناسرێتەوە باشترینە کەم و

کورپی نییە، لاوازیی نییە، بەدەست هیچەوەنانالێنێت، زانای پژۆناوایی هەر بیردۆزێکی خستەڕوو نکولّی لێناکرێت، هەموو کۆششەکان دەبێت تەرخانی تێگەیشتنی بیردۆزی ئەو بکرێت، تەرخانی قبوڵکردنی بیردۆزەکەی ئەو بکرێت، ئەو پێوەری کردە و کارەکانە. ئەو کۆی هەموو ئەو بەهایانەیە کە مرۆڤ هەیەتی، شارستانیەت و پێشکەوتنی ئەو شارستانییەتێکە کە دەبێتو پێویستە هەبێت فەرهەنگێکە کە لە جیهاندا مافی ژیانی هەیە و هەرچی بەفەرهەنگی ئەو ناخوات و لەگەڵیدا نایەتەوە، خورافاتەو هەر شارستانییەتێک کە لەگەڵ شارستانیەتی ئەودا ناگونجێت کۆنە و پڕزیوە و هە ئایینێک کە لەگەڵ ئاینی ئەودا نایەتەوە و پێی ناخوات خەیاڵ و وەهمگەلێکن کە دەبێت و پێویستە فڕێبدرێتەدوور.

بەڵام ئەوچی کرد کە ئێمە باوەڕمان بە ئەم پرۆخسارە کرد؟پرۆخساری خۆمانی ناشیرین کرد ناحەزکێشای. سەرەتا کاری ئەوەبوو کە پەیوەندی ئێمەی لەگەڵ خۆماندا بچڕی. خۆزگە ئێمە خۆمان نەدەناسی واتە کۆی سامان و توانای مەعنەویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خۆمانمان نەدەناسی. خۆزیا دەبوینە لایەنگەلێک قاپگەلێک خاڵیی لەخۆ، بێ ناوەڕۆک، بریا لەسەر ئەم دەفتەری بوون و ووجودە کەلە سەرەتادا هیچ شتێک نەنوسرابوو هەڵنەکۆڵرابوو، دواتر مێژوو لەشێوەی چییەتی و بوونایەتی مرۆڤییدا خۆی نوساند و هەڵکۆڵی

لەسەری، تەنها ئەو دێڕانەی دەشۆردەوە و دەفتەرێکی سپی لە ئێمە[1] دروستکردایە بۆ ئەوەی هەر چییەکی بوێت تێیدا بینوسێت، بەڵام وەها کارێکی نەکرد.

بریا هەموو پاشەکەوتە مرۆییەکانی لە ئێمە وەربگرتایە، ئەو پاشەکەوتانەی کە ئێمەیان بنیاتدەناو ساماں و توانـاو (باوەڕ بەخۆبوون)ی بە ئێمە دەبەخشی. لەئێمەی دەگرت و قاپەکانی لە خۆیدا خاڵی بکردایەتەوە بەڵام نەیکرد.

بەڵام تەنها پەیوەندیەکەی لەگەڵمان بەبڕی، بەڵکو چییەتی یاکۆی ئەو سەرمایەو دەوڵەمەندیی و سامانە مرۆییەی کە ئێمە خۆراک و ووزەمان لێوە وەردەگرت، لەدەستی سەندین و مێژوو، فەرهەنگ و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە کەسایەتی ئێمە، توانـاو هێزی ئێمە، توانای مرۆیی ئێمەی بنیاتدەنا، ئەوانەی بە وەرزکەر و ناشبرین و درێو

---

[1]. کاتێك دەڵێین(ئێمە)زاراوەیەکی کۆمەڵناسیە (ئێمە)کۆمەڵێکەلە تایبەتمەندیەکان، بەیوەندیەکان بەیوستەکان . باشەکەوتەکان و مەعنەویات و جاکیەکان و تایبەتمەندیگەلێك کە لە نێوان ئێمە و نێوان کۆمەڵێك لە کەسە هاوبەشەکاندا هەیە ئەم کۆمەڵگەیە بنیات دەنێت ئەم کۆمەڵگەیە چ هەستێکە کە ئێمە دروستدەکات؟ ئێمەی موسڵمانان ، ئێمەی ڕۆژهەلاتیەکان . کۆی هەموو تایبەتمەندیە مرۆییەکان کە (من) بنیاتدەنێن.

و چەق بەستوو و تەحەمول نەکراو، بنیاتی نا و پێی ناساندین. بەجۆرێك کە بەرووبی هەستی پێدەکەین کە وەهاین بەشێوازێك کە هەرچاومان بەخۆمان دەکەوێت دەترسین، تا چاومان بەوشتە دەکەوێت کە پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە، بێزار دەبین و، تێدەگەین و هەڵدێین بەرەو لای چ کەسێك ؟ بەرەو لای ئەو کە وەها ڕوخسار و سیمایەکی ڕەها و نەمر و بێ کەم و کوڕی هەیە، خۆبەخۆ من کە پابەندبووم بە نەژادێکەوە کە تەنها سۆفی بنیاتنەرە شوێنکەوتەی مەزهەب و ئایینێك بووم کە تەنها بە چییەتی دروستبووە و پابەندی شمشێر بووم و بە نەتەوەیەکەوە کە تەنها لەبەر سەرانەنەدان ئەم نەتەوەیە ئاینی نەتەوەی خۆی گۆڕیوەتەوە، پابەندبووم بە ئەدەبیاتێکەوە کە جگە لە پیاهەڵدان شتێك نیە. وابەستە بە کەسایەتیەکلێکی مێژوویبەوە کە شانازیەکانی ئێمە دروستدەکەن کە تەنها بریتین لە چەند(خان و ساحێو) تێك ... وەها ڕابردوویەك و وەها مەعنەویەتێك و ئەدەبیاتێك و فەرهەنگێکی لەم جۆرەیان بۆ ئێمە دانا. بۆ ئێمە کە نەژادێکمان هەیە کە بەردەوام بەستەزمانی و داماوی ئەو دەدرێتەوە بەچاوماندا، ئیمتیازو شکۆدارێتیگەلێك کە باسدەکرێت شتانێکن جێگەی باوەڕپێکردن نین و، ئەو ستایشانەش کە بۆ ڕابردوو دەکرێت لەمەزهەب و لە هەر شتێك کە هەمانە و ئێمە دروستدەکات. ستایشگەلێکن خراپتر و نەکبەتهێنەرتر لە دزێوکردنمان و دزێوبوونمان. باس و خواستەکە ئەمەیە. ئاین، هەموو جوانیەکان، هەموو ئەو سەرچاوە سازگارانەی کە مرۆڤ گەورەکان لە

مێـژووی ئێمـەدا بنیاتیانـنـا، ئـەو سەرچـاوانەی کـە مرۆڤایـەتی – بـەو مانایەی کە گوتمان – لە درێژایی مێژوودا ووزەی لێوەردەگرێت. تـەواوی ئەو دێرانەی کە مێژووی ئێمـە شـانازی پێـوەدەکرد و ئـەو پاشـەکەوت و بەرهەمانـەی کـە بەدرێـژایی مێـژووی شارسـتانیەتی بـە شـکۆی ئێمـە، مەزهەب و ئایینی بزوێنەری ئێمە، کە مرۆڤگەلێکی زۆر دیاریان دروستکرد کە سەرمەشقی جوانیەکانی ئەمڕۆی مرۆڤیشن و ڕابردوویـەک بـەم هـەموو دەوڵەمەنـدیی و هـەموو ئەمانـە دوابەیـەکیان وەهـا بـە چەقبەسـتوو و خورافی و کەساسی هێنەر خرانە پێش چاوی ئێمە تا ئەو کاردانەوەی کە لە ئێمەدا دروستبوو، بریتی بوو لە بێزاربوون لەخۆ. نەخۆشـی خۆبەکـەم زانین بوو. نەخۆشـییەک کـە وا هەسـتدەکەین و تۆمـەتبارکردنی هەرچـی زیاتری هەر کەسێک، هـەر جوانییـەک، هـەر بیردۆزێـک، هـەر باوەڕێـک کـە لەدەمی یەکێکەوە بێـتـە دەر کـە تـەنها تـاوانی ئەوەبێـت سـەر بـە ئـەو ((ئێمە)) بێزراوو تۆمەتبارەیەو، کاردانەوەشی پەسەندکردن و وەرگرتنـی هەرشتێکە کە سەر بە ((ئەو))ە. ئەو کێیە ؟ ئەو کێیە کە ئێمەی قانیع و ڕازی کرد: ڕەگەزو نەژادەکەی لە نەژادی ئێمە لە پێشترە، ئەدەبیاتی لـە ئـەدەبیاتی ئێمـە باشـترە و فەرهـەنگی ئـەو تاکـە فەرهـەنگی شایستەی مرۆیی بووە و شارستانیەتی ئەو تەنها وێنە و نمونەیە بـۆ شارسـتانیەتی مرۆیی؟ خۆزیا تەنها ئێمەی لەخۆمان خاڵی بکردایەتەوە، خـاڵی لـە خـۆو بێگانە لە فەرهەنگی خۆمان، بەڵام فەرهەنگی خۆی بەجوانی تـابلۆکرد و پیـشانی دایـن. ئاسـاییەکە لـە ئێـوان ئـەم دوو وێنـەی کـە هـەردووکیان

بەشێوەیەکی دڕۆێنە دروستکراون، ئیمە کامیان هەڵدەبژێرین. ئاوایە کە ئیمە جۆرێکمان لێ هات تەنانەت بۆ چیژی خواردنەوەیەک کەدەیخۆینەوە نەجورئەتی ئەخلاقی ئەوەمان هەیە و نەغیرەتی فیکریی ئەوە کەخۆمان هەڵبژێرین.

لە ئەورووپا کە سەمفۆنیایەک لێدەدرێت لە دە کەس، ڕەنگە شەش حەوت کەس ناڕەزایی و ڕەخنە بگرێت و بڵێت بیکوژێننەوە کە (جان)ێک لێدەدرێت، لە دەکەس ڕەنگە حەوت هەشت کەس بڵێت ئەم وێزە و گیزەیە چییە، ئەم هات و هاوارە چیە، بیکوژێنەوە، ناڕەزایی دەردەبڕن. لەگەڵ ئەوەی کە ئاشنان بە مۆزیکی (جان) و سەمفۆنیا). مۆزیکی خۆیانە بەڵام کام ڕۆژهەڵاتی هەیە بوێریی ڕەخنەیەکی وەهای هەبێت. لێرە هەمووان ئەوانەیان لاخۆشە. بۆچی؟ چونکە بەلای ئیمەوە (جان) یەکێک نیە لە جۆرەکانی مۆزیک بەڵکو بەلامانەوە سیمبولێکە بۆ فەرهەنگێکی باشتر، سەلیقەیەکی ڕێکخراوو وێکخراوتر و جوانییەکی هونەر ناسانەی بەرزتر لە ئیمە، بۆیە نەک تەنها تەحەمولی دەکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین وەریبگرین. چونکە ئەگەر وەری نەگرین و قبوڵی نەکەین ئەوا دانمان بەوەداناوە کە هەر پابەندی هەمان نەژادی نزمترین، پابەندی هونەرێکی خراپترین. ئەمەیە کە وامان زانی بوینە بە ڕۆشنبیرو ئەورووپی ناس. لەکاتێکدا کە ئەو ئیمە بە ڕۆشنبیرو ئەورووپی ناس نازانێت و ناومان لێدەنێت بە (assimile)، واتە ئەو کەسانەی کە

لاسایی ئێمە دەکەنەوە. ئەوکەسانەی کە خۆیان دەخەنە سەر شێوەی ئێمە واتە ئەو مرۆڤانەی کە نەخۆیانن نە ئێمە، واتە هیچ. بونێکی بێ چییەتی و بێ ناوەرۆک توانای هەڵبژاردنی نیە، ئازادیی بیرکردنەوەی نیە، جورئەتی دەستنیشانکردنی و جیاکرنەوەی نیە لە هیچ کارێکدا و وەها کەسێک چۆن دەتوانێت شارستانییەت بنیات بنێت؟ چۆن دەتوانێت سەربەخۆ شتەکان لەو بەهایانە ی کە پێی ڕازی دەبێت و باوەڕدەکات، باوەڕگەلێک بنەفرێنێت و بنیاتی بنێت و، چۆن دەتوانێت مرۆڤبێت؟ ئاخر چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە شتەکان لێک جیادەکاتەوە و دەیناسێتەوە و هۆشیارە، شانازیی دەکات.

بگەڕێینەوە سەرقاپەتی بنیاتنێین

کاتێک دەڵێین لە پێش هەموو کارێکدا و بەرلەوەی کە باوەڕ بەهەر شتێک بهێنین، بەر لەوە کە هەر قوتابخانەیەک قبوڵبکەین دەبێت خۆمان قبوڵکەین—گوتم بگەڕێینەوە بۆ خۆمان نەک بەو مانایەی کە پابردوو گەرابین نەک ئەوە کە ببینە کۆنەپەرست یا بگەڕێینەوە بۆ پێشوو، نەک ئەوەی پەگەزپەرستبین، نەک ئەوە کە شانازی بێ هوودە بکەین بە لە پێشترێتی و تاقانە بوونی پەگەزی خۆمانەوە. بگەڕێینەوە بۆ خود (خۆمان)، واتە خۆمان کەشف بکەین، بدۆزینەوە پەیی پێببەین. بگەڕێینەوە بۆ خود، مانای ئەوە نییە کەلە مرۆڤبوون، لەم ئەندامە مرۆییەوە بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ حاڵەتی دواکەوتەیی خێڵەکی سنوردار لە چوارچێوەیەکی ناوچەیی خۆماندا. نەخێر ! مرۆڤایەتی کاتێک مانای ڕاستی خۆی وەردەگرێت کە وەک سارتەر دەڵێت ((پێنج سەد ملیۆن مرۆڤ و ملیارێک و پێنج سەد کەسی ناوچەیی خۆمالّی))، (کۆی دانیشتوانی جیهان بەم شێوەیە دابەش ناکرێن: ئەو پێنج سەد ملیۆنە بیردەکەنەوە، هەڵدەبژێرن و ملیارێک و پێنج سەد ملیۆنەکە تەنها و تەنها ژمارەیەک قاپی خاڵی بن کە ئەو پێنج سەد ملیۆنە هەر چیەکیان ویستبێت و لە هەرچیەک کە بیانەوێت پرپانبکەنەوە) کەی مرۆڤایەتی

دەتوانێت مانا پەیدابکات، بەرجەستە ببێت؟ کاتێک کە ئەم ملیارو پێنج سەد ملیۆن کەسەی کە ژمارەیەک قاپی دەستەمۆو بڵند گۆی ئەو پێنج سەد ملیۆن کەسەن بگەنە قۆناغی ئەو پێنج سەد ملیۆن کەسەی کە خۆیان بە مرۆڤ دەزانن و ئەم یەک ملیارو پێنج سەد ملیۆن کەسە ناوچەیی نشین و نیمچە مرۆڤ (دەستی دوو)ە، ببنە مرۆڤ، چۆن چۆنی دەبنە مرۆڤ؟ کاتێک کە هۆشیاریی مرۆیی لادروستببێت کاتێک کە پەیوەست ببێتەوە بەو سەرچاوە ڕابردووە ئەزموونکراوانەی کە مرۆڤیان دروستەکرد مرۆڤی باشیان بنیات دەنا. کە دەڵێین مێژوو، مەبەست ئەوە نییە کە جارێکی دی جەستەی مردووەکان هەڵبدەینەوە، کە دەڵێین مێژوو واتە چاومان بڕینە ئەو سەرچاوە بنەڕەتییانەی کە چییەتی مرۆییمان و فەرهەنگی ئێمە و بنەمای ئەخلاقی و مرۆڤایەتیمان لێیەوە هەڵدەقوڵێت. ناڵێین بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو و ڕابردوو بهێنینەوە بۆ زەمەنی ئێستا، بەڵکو پەیوەند ببینەوە پێییەوە کە ئەگەریش سوننەتێکی خورافی، ئەگەریش زۆرێک لە نەخۆشییەکان و کەم وکورتییەکان کە لەمێژووی ئێمەدا، لەکۆمەڵگەی ئێمە و لە ئەو ڕۆحەی ئێمەدا لەگەڵ ئێمەشدا ئەگەر هەیە، کەی دەتوانین ئەو کەم و کوڕییانە لا ببەین ؟ کاتێک کە جارێکی تر خۆمان بناسینەوە، بگەڕێینەوە بۆ خۆمان. مانای ئەوەی کە خۆمان بەناوی بوونەوەرێکی مرۆییەوە بدۆزینەوە واتە ئەو شتانەی کە چییەتی و خەسڵەتی مرۆیی پەسەنی ئێمەی بنیاتدەنا، ئەو شتانۆ هەستپێبکەین، واتە ئەو فەرهەنگەمان

لەخۆماندا هەبێت فەرهەنگێك كە ڕۆحی مرۆڤی هەڵدەهێنا(وەك خۆر)و ئێمەی بە مرۆڤێكی بنیاتنەرو داهێنەر و وەبەرهێنەری مەعنەوی و مادی بنیاتی دەنایین، ئەوانە لە خۆماندا بپارێزین، هەڵبگرین و لە بەرامبەر ئەو پێنج سەد ملیۆن كەسەدا دەستمان خاڵی نەبێت چونكە كاتێك كەسێك دەستی خاڵییە لەگەڵ كەسێكدا یەكبگرێت كە دەستی پڕە ئەمە یەكگرتنێك و یەكیەتییەكی شوومە بە زیانی ئەو كەسەی كە دەستی خاڵییە. ئێمە كاتێك دەتوانین بە ئەو پێنج سەدە و لەگەڵیاندا مرۆڤایەتی بنیاتبنێین كە بگەڕێینەوە بۆ خۆمان و خۆمان بەجێ نەهێڵین، ڕەسەنایەتی وەربگرینەوەو كەسێتی مرۆیی بە تواناو تۆكمەی خۆمان هەستپێبكەین، باوەڕمان بە خۆمان هەبێت و ئاگایی(هۆشیاری)مان هەبێت واتە مافی هەڵبژاردەكردن و هێزو جیاكردنەوە و ناسینەوە و توانایی داهێنان و ئەفراندنمان هەبێت، ئەوجا بگەڕێینەوە بێینەوە بەئەم توانا و بەهایانە مرۆڤایەتی بنیات بنێین. والسلام.

کتێب بریتیە لە هۆکاری گەیاندن و گواستنەوەی بۆماوە فەرهەنگییەکانی رابردوو بۆ داهاتوو یان پەروەردەی زەین و هزر یا پەروەردانی زانست لە ئاستی کۆمەڵگەدا ، بەڵای ئێمەوە کتێب زیاتر لەمە پەیامی هەیەو بریتیە لە تاکە هۆکارێک کە ئەمڕۆکە لە بەردەستماندایە بۆ)بوون(و بوونانەوەی دیکەی خود و پەروەردەبوون و بۆ)هەناسەیەکی ئازاد ، ئەندێشە(، کتێب پەروەردەکارێکیگەورە و رەنگە تاکە پەروەردەکاری ئێمەبێت.